# ئەناتۆمی تواناو سنوورەکانی ژیر لە فەلسەفەی کانت دا[1]

**پ.ی. نەوزاد جەمال فەرەج**
زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێجی ئەدەبیات بەشی فەلسەفە
Nawzad.faraj@su.edu.krd Nawzad.jemal@gmail.com

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ پ.ی. نەوزاد جەمال فەرەج

١ ئەم توێژینەوە وەک بەشێک لەپێداویستی دکتۆرا تێزی 'رەهەندەکانی رەخنە لای کانت' بەسەرپەرشتی پ. د. حەمید عەزیز. بەشی فەلسەفە/ کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوە، چەمکی ژیر[٢] لەبەر رۆشنایی فەلسەفەی رەخنەیی کانتدا بەتایبەت لەسۆنگەی شاکارەکەی 'رەخنەی ژیری پەتی'وە شرۆڤەدەکات. کانت خۆی وشەی ئەناتۆمی[٣] بۆ شرۆڤەی تواناو سنوورەکانی ژیر بەکارهێناوە. لەبەرئەوەی، تاکە ئامرازو چەقی زانین ژیرە، دەبێت پێش هەمووشتێ بکرێتە بابەتی سەرەکی زانین و سنوورو تواناکانی تاوتوێبکرێ. بەتایبەت، لەهەندێک فێرگەی فەلسەفییدا وەک 'رێبازی ژیرگەری[٤]'دا، ژیر دۆگماتیکانە لەپێگەوپلەی بەرزکراوەتەوە. لەکاتێکدا، ژیر لە رێبازی گومانگەری[٥]دا گومان لەتوانای گەیشتن بەزانیندا کراوە. لەم سۆنگەوە، کانت هەوڵیداوە راستی ژیر بکاتە بابەتی زانین و لەوێوە لەکێشەو پرسەفەلسەفیەکان تێهەڵبچێتەوە.

لێرەدا، وەڵامی چەند پرسیارێک دەدرێتەوە: بۆ کانت ژیر رەخنەدەکات؟ لەبەرچی پرسی سەرەکی فەلسەفەکەی دەبێتە تاوتوێکردنی چەمکی ژیر؟ بۆیە، توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا دابەشکراوە: یەکەم، روونکردنەوەو پێناسەی چەمکی ژیرو ئەرک و مێژوویی. تەوەری دووەم، رەخنەکردنی ژیرو گرێکورەکانی. تەوەری سێیەم: سروشت و رۆڵی ژیرو داکۆکیکردنی لەخۆی تاوتوێدەکات.


**کلیلی چەمکەکان: ژیر، ئەناتۆمی، رەخنە**


**ملخص البحث**

يعرف فلسفة كانط بتعمقه النقدي تجاه المدارس و أفكار الفلاسفة من القدماء و المعاصرين له. يعتبر ثورة كانط الكوبرنيكية تحولا بارزا في تأريخ الفلسفة الحديثة. فمن فلسفة كانط، تتجه الفلسفة نحو النقد. وأول خطوة للنقد الفلسفي تتجه نحو العقل قبل كل شيء. بما ان البحث الفلسفي في منظور كانط يجب ان يكون مشبعا بالفلسفة و ليس بمواضيع ميتافيزيكية او ابستمولوجية. بل، لابد من فحص العقل بمنظار نقدي. لأن العقل هو الذي يخلص الفلسفة. لذا لابد من نقده و من ثم تحميله مسؤلية البحث الفلسفي. فالنقد عبارة عن محاكمة عقلانية لقدرات و حدود العقل. لذا العقل سلاح ذو حدين: فهو الحاكم و المحكوم، المدعي و المدعي عليه، المشتكي و المحامي في نفس الوقت.


---

٢ ژیر بەرامبەر 'ئەقڵ'ە لەعەرەبیدا.

٣ کانت خۆی وشـــەی (anatomy) کە لەبنەڕەتدا زاراوەیەکی بایۆلۆجی/پزیشـــکیە بەکاردەهێنێت. بەواتای زانســـتی پێکهاتەکانی لەش و هەروەها بەواتای توێکاریش دێت (Karadaghi 2012 3e, 24). وەکچۆن لەتاقیگەیدا بەنەشتەر جەستە توێ توێدەکرێ و یەکاڵادەبێتەوە تا دەگاتە سەر نەخۆشیەکە، ئاوەهاش کانت توێکاریی پێکهاتەکانی ژیر لە هەستکردن و بڕیاردان و تێگەیشتن و زانیندا دەکات. ئامانجەکەشی دەستنیشانکردنی تواناو کەموکورتیەکانیەتی.

٣ ژیر بەرامبەر 'ئەقڵ'ە لەعەرەبیدا.

4 Rationalism

5 Skepticism

Summery

This paper, introduce some essential points of Kant's critical philosophy. Philosophy according to Kant should be first critical towards its own knowledge. Before any philosophical inquiry start, should the Reason be criticized and investigated. It is obvious that since Kant, philosophy took a critical direction. In addition, the Reason is in charge of philosophical critics. Nevertheless, before any attempts to save philosophy from any trouble, should reason, start with criticizing itself. Which should examines its limits and capabilities. Therefore, reason has double duty, criticizing itself and then delivering critics to any philosophical subjects.

## تەوەری یەکەم: شرۆڤەی پێناسەی چەمکی ژیر

### 1 – مێژووی ژیری پەتی

دانانی ناونیشانی 'مێژوویەکی ژیری پەتی'، بەئامانجی ئەوەیە کەئەو بۆشاییە لەسیستمدا پڕکرێتەوە (I. Kant 1998(2009), 702). لەم سەرباسەدا کورتەو پوختەیەکی مێژووی ژیر بیردەهێنێتەوە. بۆیە، دەڵێ "ئەوەی مایەی سەرنجەو نەدەکرا بەجۆریکیتربێت، ئەوەیە کە لەتافی ساوایەتی فەلسەفەدا، مرۆڤ بەشتێک دەستیپێکرد کە ئێمە دەبێت لێرەدا بیکەینە کۆتایی"[٦] (I. Kant 1998(2009), 702). چونکە، سەرەتا بەتوێژینەوە لە خودا، هیوا یان دامەزراندنی جیهانێکتر دەستتپێکرد (I. Kant 1998(2009), 702). لەقۆناخی ساوایی ژیردا بە بابەتەکانی (زانینی خودا، هیوا بەجیهانێکیتر و چیەتی و سیفەتی ئەو جیهانە) دەستیپێکرد کە لەکاتێکدا دەبایە، سەرەتا کار لەسەر ناسینی تواناکانی ژیر خۆی بکرایە.

ئیدی، لەبەرەبەیانی مێژووی بیری مرۆڤایەتیەوە، تیۆلۆجیا پێش زانستی فیزیک کەوت. پرسیار لەبارەی دواچارەنووسی مرۆڤ بووە جێبایەخ. پێویستی سروشتی مرۆڤ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، وایکرد بیرکردنەوە لەخودا و رۆح ببێتە پێشەنگی توێژینەوەو سۆراخکردن (Santinello 2015, 730). لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ دەزانێ هەر هەوڵێک لەبواری زانیندا سەبارەت بو پرسە بەشکست گەیشتووە. ئیدی پێشەنگی تیۆلۆجیا بەسەر زانستی سروشتیدا لەوەدایە کە مرۆڤ سەروو -ئەزموون دەچێت، لەکاتێکدا چوونەدەروە لەئەزموون، نەرێنمایی و نەکۆنترۆڵی بەسەر ئەو بابەتانەدایە (Santinello 2015, 730). کەواتە، لەمێژوودا، ژیر سەرەتا بەپرسیارە میتافیزیکیەکانەوە خەریککرد و بەرەو میتیافیزیک/تیۆلۆجیا چوو.

بەڵام، ئەوپرسیارانە لەدەستێکی مێژوودا لەئەفسانەکاندا هەبوون و دواجار ئایینی لێکەوتەوە. چونکە هیوا بەهێزو هەبوویەکی نادیار وەک سەرچاوەی بەختەوەری، ئامانجێکی جەوهەری مرۆڤ بووە (I. Kant 2004, 671). جگەلەوەش، گرفت و پرسیارە کۆسمۆلۆجیەکان-سەبارەت بەجهان- لە پرسە سایکۆلۆجی و تیۆلۆجیەکان ناچێت. نەک ئەوە، بەڵکو لەراستیدا گرفت و پرسیاری راستودروستی میتافیزکش نین تا کێشەو ململانێی لەسەربکرێت (Santinello 2015, 730). بەڵام کانت لەدوا رستەی 'ر.ژ.پ' دەنووسێت؛ ئەوانەی شوێن میتۆدی زانستیانە دەکەون، هەر دووبژاردەیان لەبەردەمدایە: یان دۆگماتیک، یان دەبێ گومانکار بن. بۆیە ڤۆلف، هیوم و تەنانەت بێناوبردن سپینۆزاش رەخنەدەکات (I. Kant 2004, 673). بەڵام، رێچارەی رزگاربوون تەنها بژاردەی سێهەم: رەخنەکردنەی ژیرە.

بۆیە، دووپاتیدەکاتەوە: "ئەگەر کەسێک پشوودرێژ نەبێت لەم رێیەی من گرتبوومەبەر، تەنها ئەوەی لەم سەردەمەداو پێشتریش بۆدەمێنێتەوە کە نەزانیبوو؛ ژیری مرۆڤ تەواو لەو پرسیارانەی کە هەمیشە پاڵنەری زانین و بەدەستیەوە تلاوەتەوە تێرئاوبکەن. بەڵام بێسوودو ئەنجام بووە" (I. Kant 2004, 673). کەواتە، چارەنووسەکە رەخنەیە بۆ دەربازبوون لە تەنگەژەی ژیر/میتافیزک.

### 2 – واتای چەمکی ژیر

چەمکی ژیر، کە بابەتێکی بنەڕەتی فەلسەفەی کانتە، بەرامبەر (*verneunft*) ئەڵمانی و (*Ratio*) ی 'راسیۆ'ی لاتینییە. ژیر، بەرزترین و باڵاترین توانای زانینەو لای کانت بەواتای تواناو هێزی بنەما-پرەنسیپەکانە (I. Kant 1998(2009), 444). هەمان شت لەچ ٢ دووەمدا بەدەستکاریەوە دادەنێتەوەو لەجێگەیەکیتردا پێیوایە، ژیر بەرزترین توانای زانینە

6 (I. Kant, Crtique of Pure Reason 1998(2009), 702)

یان سەرجەم تواناباڵاکانی زانینە (I. Kant 1998(2009), 691) . بەدەربڕینێکیتر؛ ژیر توانایەکە[7] کە بنەمای پێشیانەی زانینمان پێدەدات. بۆیە، ژ.پ. ئەوەیە کە بنەماو بنەڕەتەکان لەخۆدەگرێ تا زانینی پێشیانەیی ڕەها دەستەبەربێت (I. Kant 2004, 110).

هەڵبەت، لای کانت جیاوازی لەنێوان ژیرو تێگەیشتندا[8]هەیە. 'تێگەیشتن'، توانایەکە کە ڕێساکانی بیرکردنەوە/ژیر جێبەجێدەکات. بەڵام، ژیر بەواتای توانای بنەماکان-پرەنسیپ- دێت (I. Kant 1998(2009), 387). ژیر ئەو توانایەیە کە بنەماکان دادەنێت. بنەماش ئەنجامی بڕیاردانە. جیاوزایەکیتر ئەوەیە، تێگەیشتن ناتوانێ زانینی لێکدراو[9] لەچەمکەوە بەدەستبهێنێت (I. Kant 1998(2009), 388) . بۆیە ئەرکی تێگەیشتن بریتییە لەگێڕانەوەی دیاردەکان بۆ یەکبوونێک کە لەرێگەی هەندێک ڕێساوە کە ژیر دیاری دەکات. لەبەرئەوە، کانت دەپرسێ: ئایا ژیر(پەتی) لەخۆیدا بنەمای سایتنیکی پێشیانەیی و ڕێساکان لەخۆدەگرێ؟ ئەی ئەو بنەمایە لەسەرچی بەندە؟ (I. Kant 1998(2009), 391).

بەڕای ئەو، یەکگرتنی ژ.پ. یەکێتیەکی ئەزموونی ڕێتێچوو نییە، بەڵکو یەکگرتنێکی تێگەیشتنە. بۆنموونە، هەرشتێک کە ڕوودەدات، دەبێ هۆکارێکی هەبێت. ئەمە بنەمایەک نییە کە لەرێگەی ژیرەوە زانرابێت. بەڵکو، یەکێتی ئەزموون دەکات و هیچ لەژیرەوە وەرناگرێت (I. Kant 1998(2009), 391). ژیر ڕووبەرێکی تەختی نییە کە خۆی بەبێ دیاریکردن درێژکاتەوە. بەڵکو زێتر لەتۆپێک دەچێت وەکئەوەی ڕوویەکی تەختی هەبێ کە جوڵەو فرەئاڕاستەو چالاکە نەک نەگۆڕو نەجوڵاوبێ (I. Kant 2004, 617). کەواتە، تیرەو ڕووبەرو قەبارەی خۆی دەزانیت و هەروەها جیادەکاتەوە.

### 3 - ژیر وەک توانا[10]

لەواتای یەکەمدا؛ بەگشتی ئەو پەیوەندییە جۆراوجۆرانەی وێناکردن و بۆچوونێکە (Deleuze 1984, 9-11). بەو واتایە، ڕێسادانەرو سەربەخۆیە. هاوکات ڕێسا بۆئەو بابەتانە کە ملکەچیەتی و لەگەڵ بەرژەوەندی و ئامانجی ژیریدا دێتەوە دادەنێت (Deleuze 1984, 13-5). بەواتای دووەمیش؛ سەرچاوەیەکی جۆرەکی تایبەتە بەوێناکردن و بۆچوونەکان (Deleuze 1984, 9-11)[11].

هەروەها، کانت سێ جۆر توانای ژیری شرۆڤەدەکات و بەسەرچاوەی بنەماو بنەڕەتەکانی زانین و ئاکارو ئایین دادەنێت. تواناکانیش بەمجۆرە دەستنیشاندەکات:

-توانای هەستەوەری یان وێناکردن. بۆنموونە کات و شوێن، دوو وێنەی هەڵقوڵاوی ژیرن. چونکە، هەستکردنە ئاساییە باوەکان کە هیچ زانیاریەک لەبارەی شوێن و کاتەوە نادەن. ئەوە ژیرییە سەبارەت بەو دوو وێنەیەی کات/شوێن

7 faculty

8 Verstand

9 synthec

10 Faculty

١١ فەیلەسوفی ناسراو 'جۆرج ئیدوارد مۆر' چەمکی ژیر لەبواری پراکتیکدا بەسەرلێشوێنەرو بەلارێدابەر داناوەو تێگەیشتنی کانت لەبارەی بنەما پێشیانەییەکان لەئاکارو ڕۆڵی پراکتیک بە ئایدیالیزم داناوەو رەتیکردۆتەوە(Baldwin 2004) .

دەستگیرۆیی ئەزموون دەکات. ژیری بنەما و بنەڕەتییەکەی پێشکەش بە ئەزموون دەکات. هاوکات مەرجی راستی و دروستی ئەزموونکردنیشە. هاوکات، ئەزموونی هەستەکی، زانیاری نوێ دەبەخشێتە ژیری و رێگە بە بەدەستهێنانی بڕیاری لێکدراو نەک شیکاری دەدات. درککردن[12]؛ بۆچوونێکی تاک کە بەباتێکی ئەزموونکردەوە پەیوەستە، بەبێ نێوانبەر[13]. ئەمەش لە هەستەوەریدا[14] هەیە.

-توانای تێگەیشتن و چەمک: ئەو وێناو بۆچوونەیە کە لەرێگەی نێوانبەرێکەوە بەبابەتێکی ئەزموونیەوە یا بەهۆی بۆچوونیترەوە پەیوەستە. سەرچاوەکەشی لە درکپێکردندایە. ژیر جۆرە باوەڕو قایلبوونێکی هەیە وەک بۆنموونە بنەمای هۆیەکی. ئەم بنەما گرنگە بریتییە لەکاتیگۆری[15]. لەکاتێکدا، رێبازی ئەزموونەکی هیوم ناتوانێت ئەو بنەمایەمان پێ ببەخشێ. کاتیگۆریەکان بریتین لە 'چۆنیەتی، چەندێتی و پەیوەستی و جەوهەر'. مرۆڤ بیر لەشتێک ناکاتەوە بەبێئەوەی سەرنجی پەیوەندی یا ناپەیوەندی بەشتێکی ترەوە بدات. بەهۆی گوتەزاکانەوە، ژیر دەتوانیت بڕیاربدات. چونکە، گوتەزاکان تایبەتمەندیەکن کە بەبێئەوان درک بەبابەتێک لەئەزموونداندا ناکرێت. ژیر لەتوانایدا نییە بزانرێت تائەوکاتە بڕیارێک لەبارەی ئەو بابەتە هەستییانەی دەکەونە چێوەی ئەم کاتیگۆریەکانەوە نەدات. کەواتە، توانای بڕیاردان، توانایەکی گرنگ و پێویستە لە دەسەڵاتی ژیردایە. سێ بیرۆکەکە 'خودا، دەروون، جیهان'ە کە لەژیردان ئەگەرین و ئەزموون تێپەڕن. سەرچاوەکەشیان ژیرە (Deleuze 1984, 112-5). ئیدی، توانای ژیر لەوەدایە کۆمەڵێ بۆچوون و ئەزموون لەخۆیدا کۆبکاتەوەو دواتر لێکیانبداتەوەو بڕیاریان لێبدات.

### 4 – ئەرکی ژیر

تەنها مەرجە رێتچووەکانی ئەزموون وەک پشمەرجی بوونی شتەکان کاردەکات، بەڵام ناتوانێ هەر لەخۆوە چەمک داڕێژێت کە تەواو سەربەخۆبن. لەبەرئەوەی، ئەو چەمکانە ناکرێت لێکبدرێنەوەو راڤەکرێت و هاوکات ناکرێ بابەتیان هەبێت (I. Kant 2004, 622). چونکە، چەمکەکانی ژیر، تەنها بیرۆکەن و ناکری بابەتی ئەزموونکردنیان نییە (I. Kant 2004, 622). بۆیە، ئەوە مایەی ئابڕووچوون[16] و نەنگی ژیری مرۆڤە، ئەوەیە لەئاستی بەکارهێنانە پەتیەکەیدا هیچ بەجێناهێنێت. هاوکات دیسپلینێکیتری پێویستە کە هاوکاری رێکخستنی بکات. گەورەترین و لەوانە تەنها سوودی ژیر رۆڵی نەگێتیڤ بێت. رۆڵی ژیر-ئامراز- ئۆرگانۆن- نییە بۆ فراوانکردنی زانین. بەڵکو رامکردنە لەپێناو دەستنیشانکردنی سنووری خۆیدا (I. Kant 1998(2009), 672). ئەرکێکتری ژیری تیۆریی، بەڵگەهێنانەوەو سەلماندنە. سەلماندنیش بەسێ پێودانگ دەبێت:

- کاتیگۆریک[17]

---

12 Intuition

13 Medium

14 sensibility

١٥ کاتێگۆری لەرووی زاراوەیەوە واتە بەگشــتی زانینی بێئەملاوئەولاو بنەبڕ. بەڵام لەرووی زمانییەوە واتە شــەقڵ، پۆل. هەڵبەت، ئەوەی یەکەمیان شــیاوترە بۆ واتا فەلســەفییەکەی. لێرەدا زاراوەی گوتەزای بۆ بەکارهێنراوە. بۆئەوەی لەگەڵ وشــەی 'چەمک'دا تێکەڵاوییەک دروستنەکات.

١٦ لەوەرگێرانە ئینگلیزیەکەدا بە (Humiliating) هاتووە. کەبەواتای ئابڕووچوون، شەرمەزاری و ریسوایی دێت، سەیری ( Karadaghi 2012 3e، ٤٤٦)

17 categorical

-مەرجەکی[18]

-مەرجەکی رای دوولایەن[19].

کەواتە، ژیر کۆمەڵە ئەرکێکی سەرەکی هەیە:

1 – ئەرکی لۆجیکی ژیری: بریتیەلە لەبەکارهێنانی ژیری بۆ هەڵهێنجانی ئەنجامێک لەدوو پرس-بابەت- یا زیاتر. هەموو ئەنجامگیریەک، یان راستەوخۆیە یا ناراستەوخۆ. لەهەردووباردا، واتە ئەنجامگیری ژیرەکی. بەشێوەیەکی لۆجیکی(لەم دۆخەدا ژیر بریارێک بەمەرجەکەیەوە گرێدەدات ودەبەستێتەوە. داوجار زانینی هەندەکی-وێناکردن هەستکردن- ئینتویشتن-ی مەرجدار بۆ زانینی هەمەکی-ریسا یا مەرج) دەگۆڕێ. بەکارهێنانی لۆجیکیانەی ژیر، واتە جیاکردنەوەی زانینی راستەوخۆ لەزانینی مەزەندەیی. مەزەندەیی کە سیلۆگیزم[20] دەگەیەنێت.

2 – ئەرکی پوخت و بێگەردی ژیر: کانت دەپرسێ؛ ئایا ژیر سەرچاوەیەکی سەربەخۆو خۆبەخۆی بیرکردنەوەو بریارەکانە؟ یان تەنها توانایەکە لەرێگەی بەراوردکردن و پەیوەندییەوە چالاکە؟ بەڕای ئەو، ئەرکی ژیر دووانە: دابینکردنی رێساو بنەماو یەکخستن و بەستنەوەی بابەتەکانە پێکەوە. بەمەرجێک بنەماو رێساکان لەگەڵ یەکگونجاو و پێکناکۆک نەبن. ئیدی، ئەوە دەمێنێتەوە ئایا ژیر لەخۆیدا رێساو بنەمای لێکدراو پێشیانەیی هەیە؟ کەواتە، ژیر لەمەرجەوە بۆ مەرج ناچێت، بەڵکو مەیلی بەلای هەڵپەساردنی مەرجدارە بەسەر راستیەکی هەمەکی نامەرجدار-رەهادا (د. ابراهیم ط الاولی ١٩٦٣، ١٢١).

3 – بنەمای ترانسێندتاڵی لەبنەڕەتێکی گەورەتری ژیری پوختەوە دەبێت. لەمەدا ژیری بیر لەبابەتی هەمەکی و رەها دەکاتەوە.

بەمەش ژیر درک بە کۆمەڵێک شت دەکات:

- یەکبوونی(unity) [21]پەیوەندی نامەرجەکی، کە بریتییە لەبوون خۆی.
- یەکبوونی چییەتی نامەرجدار، کە سادەیە.
- یەکبوونی فرەیی نامەرجدار لە کاتدا، جیاواز نییە لەژمارەدا، بەڵکو هەموویان یەک بابەتیان هەیە.
- یەکبوونی بوونی نامەرجدار لەشوێندا. ئەمەش خودئاگایی و ئاگایی سەبارەت بەبوون لەخۆیدا دەگرێتەوە.
- ژیر وێنەی هەڵقوڵا لەژیری کاراوە دەنێرێت. لەبەرئەوەی، لەدەرەوەی ئەزموونی هەستەکییەوە، تا بتوانیت پێکەوەیان ببستێەوەو لێکدانەوەیان بۆ بکات. لەتوانای ژیردایە بیر لە رەها بکاتەوە. بەڵام، ناتوانێت بەسەر واقیعدا جێبەجێیکات و بیسەلمێنێت.
- ژیری ئەزموونی هەندەکی تاک، مەیلی گۆڕینی بۆ پرسی هەمەکی ناچارەکی بابەتیانە. ئەمەش بەبەکارهێنانی (١٢) کاتێگۆرییەوە بەندە.
- ژیر لەتوانایدایە، درک بەمادەو بابەتێک بکات کەمەرج نییە بابەتەکە راستەوخۆ لەبەردەمیدا هەبێت. چونکە، دەتوانێت بیرۆکەیکەی ئەبستراکتی لەبارەوە پێببەخشێ (د. ابراهیم ١٩٩٣، ١١٣-٤).

---

18 Hypothetic

١٩ Disjunctive سەیر فەرهەنگی ئازادی بکە: (Karadaghi 2012 3e، ٢٨٥)

٢٠ سیلۆجیزم: واتە پێوانەیی و ئەنجامگیریکردن لەگشتەوە بۆ تایبەت فەرهەنگی ئازادی: ١٠٣٤

21 Einheit

**5 – قەدەری ژیر**

"ژیری مرۆڤ خاوەنی چارەنوسێکی تایبەتە لەجۆری زانیندا کەباری قورسکراوە بەپرسیارگەلێک کەناوتوانێت دەستبەرداریبێت. چونکە، کێشەکەک پێدراوێکی ژیر خۆیەتی و ناشتوانێ وەڵامیان بداتەوە. لەبەرئەوەی دەکەونە سەروو هەر توانایەکی ژیری مرۆڤەوە" (Wood 2009, 99). ئەم شکستە هی ژیر خۆی نییە، بەڵکو لەو بنەمایانەوە سەرچاوەدەگرێت کە بەکاردێن لەرەوتی ئەزموونکردندا (Wood 2009, 99).

ئەنتینۆمیە ماتماتیکیەکان لەسەر چەمکە دژیەکەکان دامەزراون، بۆیە، دژیەکی و ناکۆکیەکانیان بوونی راستینەیان نییە، تەنها لەجیهانی لۆجیکدان. ئەنتینۆمیە دیانمیکیەکان، بیرۆکەی تیزی وەک ئازادی و بوونی ناچارەکی دەردەبرن (Santinello 2015, 730). بۆیە جیاوازن لە بابەتەکانی کۆسمۆلۆجی ژیرەکی. کەواتە، لەدیدی کانت بەپێی پەرەسنەندی مێژووی ئەو پریسارانە، دەردەکەوێت کە پرسە راست و رەسەنەکانی میتافیزتیک(پرسی زانین و ژیر) بۆ تیۆلۆجیا(پرسی خودا) و سایکۆلۆجی-مۆرال(پرسی نەمری، رۆح و ئازادی) کورتکراونەتەوە. واتە، هەندێکی خراونەتە جوغزی تیۆلۆجیاوەو ئەوەیتریش سەربە ئاکارو سایکۆلۆجیایە ک توێژینەوەیان دەربارەبکات (Santinello 2015, 730).

**6 – بەکارهێنانەکانی ژیر بەپێی تواناکانی**

بەگشتی ژیر چەند توانایەکی هەیە: زانین و تێگەیشتن، بریاردان، هەستکردن و وێناکردن. بەڵام، لەپەیوەندی لۆجیک و ژیردا دووشێوازی بەکارهێنانی ژیر هەیە:

- بەکارهێنانی لۆجیکیانە- رواڵەوت و روخسار. هەموو زانینێ لەناوەرۆک دادەماڵێ و دەبێ بەپەتی-ئەبستراکت. ئەمەش، توانای بەڵگەهینانەو چەمکەکانە.
- بەکارهێنانی ترانسێدێنتاڵیانە. بنەماو بنەڕەت کە لەئەزموونەوە وەرنەگیراوە.

هەروەها، چالاکی ژیر بەسێ قۆناخدا دەڕووات:

1 – ئاگایی و هۆشیاری هەیە بەدرکردن جا بینراوبێت یان نا.

2 – بەرهەمهێنانەوە/ ئەندێشە کە هۆکارە ئەزموونکردن لە شوێن و کاتی دیاریکراو لەمێشکدا.

3 – ناسینەوە لەڕێگەی چەمک و وێناکردنی بابەتەکان لەرابووردوودا لەنێو مێشکدا هەبوون (عباس ٢٠٠٠، ٤٧ ج٦).

**7 – نەخۆشکەوتنی ژیر-میتافیزک**

نەخۆشکەوتنی ژیر، دەردێکی میتافیزستەکانە. لەپێناو دەستنیشانکردن وئەرک و رۆڵ و نەخۆشی گرفتی ژیر دا، کانت پزیشکئاسا بەشێوەیەکی ئەناتۆمی و 'جینالۆجیانە' (بنکۆڵی رەگوریشەی مێژووکردی) ژیر دەکات. چونکە، ئەگەر ژیر وەک ئەوەی پێشتر لای فەیلەسوفەکان کە سەرنج و رامان و تێبینکردنەکانی[22] بەپێی بابەتەکان دابڕێژێت، ناتوانێ زانینی پەتی پێشیانەیی سەبارەت بە میتافیزیک بەدەستبهێنێت. چونکە، میتۆدو شێوازی زانین و گەیشتن بەزانین، بەهەمان شێوەی زانستەسروشتیەکان بەدەستنایەت. چونکە، ئەوجۆرە زانینە دەچێتە خانەی زانینی ئەزموونەکیەوە

22 observation

نەک میتافیزیکیەوە. لەبەرئەوە، دەبێت، بابەتەکانی میتافیزیک بەپێی ژێر دابڕێژین و لەژیروە بەرەو زانین و ناسینی شتەکان، نەک لەشتەکانەوە/بابەتەکانەوە بەرەو ژێر بڕۆین.

کەواتە، دیاریکردن زانینی شتەکان لەدەسەڵاتی ژێریدایە. سەبارەت بەئەزموونیش، دەبێ راستییەک لەبەرچاوبگیرێت: لەئەزموونداا، زانین سنووردارە. زانینی پێشیانەیی رەها، لەئەزمونکردنەوە بەدەستنایەت. چونکە، بەرهەمی زانەرەکەیە نەک بابەتەکە. کەواتە، توانای زانین لای ژیری پەتی لەهەموو زانینەکانیتر جیاوازترە. چونکە، لەخۆیدا یەکێتی و زانین بەدەستدەهێنێت (I. Kant 2004, 79).

## تەوەری دووەم؛ رەخنەکردن و دادگاییکردنی ژیر

### 1 – رەخنەکردنی ژیر

کانت بۆ ژیر رەخنەدەکات؟ ئەگەر شرۆڤەیەکی وردی ناونیشانی کتێبەکەی 'رەخنەی ژیری پەتی' بکەین، دەزانین کانت پاش بیرلێکردنەوە هەڵیبژاردووە. راستەوخۆ لەوێدا هاتۆتەسەر رەخنەکردنی ئەم ژیرییە تێورییە، نەک هەستەکان/ئەزموون وەک بابەت یان گرفتێکی فەلسەفی. کەواتە، هەڵبژاردنەکەی لەئەنجامی دەستنیشانکردنی ئامانجێکدایە. بۆیە، دەبێ جارێکیتر ژیر بخرێتەژێر وردبینیەوە. تا ئەمە نەکرێ، باسکردنی بابەت و ناوەرۆکی زانین بێسوودە.

کانت پێیوایە گومانکردن لەژیری رەوایە، بەڵام، ئەمە بیانوی دەستهەڵگرتن لەتوێژینەوەی رۆڵ و پێگەی ژیر خۆی نەبێت. پێویستە، لێپێچینەوە لەژیر وەک بابەتی زانین بکرێت. لەمتمانە بەتواناکانی ژیرییەوە، ژیری پەتی رەخنەدەکات. ئەو ئەرکە کانت لەئەستۆی گرتووە، جیاوازو سەخت و تەنهاشیکردووە: " هەربەردەوام دەبم سەرەڕای ئەو راستییەگرانەش" (I. Kant 2004, 59-69). دەرخستنی هەڵەیەکی زەقی ژیر کە بەسەرخۆیدا هێناویەتی: بەکارهێنانی تواناکانیەتی لەدەرەوەی ئەزموون. خۆی ووتەنی، لەرێگەی ژیرییەوە ناگەڕێمەوە بۆ بێتوانایی ژیری و دەستەوسانی لەئاستی وەڵامدانەوەی پرسیارە میتافیزیکەکاندا (خودا، نەمری رۆح و سەربەستی). بەپێچەوانەوە، لەجیاتی گرتنەبەری رێگەداخراوو نەرێنیەکەی گومانگەرەکان:" دەمەوێت ژیری پەتی لەرێگەی بنەماکان-پرەنسیپەکان-ەوە دیارییبکەم. هەروەها، ئەو بەدحاڵیبوونەی ژیری کە لەگەڵ خۆیدا هەیەتی، رزگارییبکەم" (I. Kant 2004, 59-69).

بۆیە، ژیر دەبێتە بابەتی زانین، پێشئەوەی زانین و سەرچاوەکانی ببێتە بابەتی توێژینەوەی فەلسەفی. لەم سۆنگەوە کتێبی 'ر.ژ. ب' سروشتی ژیری پەتی شەنوکەوکرد. بەتایبەتی هەڵوێست و بۆچوونی فەیلەسوفەکانی پێشخۆی سەبارەت بەژیرو گوتەزاکانی. هەر لەبەشێک بەناوی 'مێژووی ژیری بێگەرد' لەکۆتایی کتێبی ر.ژ.ب'دا کانت دەڵێت؛ 'فەلسەفەو فەیلەسوفەکان خۆیان بە بابەتە سەرەتاییە یەکەمەکانەوە وەک خودا، سروشت و ژیانیتر، سەرقاڵکرد. بەمەش هەندێک بیرورای نادروست لەمیتافیزیکدا هاتەئاراوە (I. Kant 1998(2009), 703-4).

بۆیە، فەلسەفە رەخنەییەکەی کانت بەدوودیودا ژیر شرۆڤەدەکات: جارێک وەک داواکراوە تۆمەتبارەکە لەبەردەم داوەر لەنێو دادگەدا. جارێکیش کە خۆی پارێزەرەکەشە. کەواتە، ژیر رۆڵێکی دووسەرەی هەیە: لەلایەک سکاڵاکارەکەیە، لەلاکەیترەوە بەرگیرکارو داوەرەکەشە. جگەلەوەش، ژیر جەنگاوەرە سوارچاکەکەی مەیدانی میتافیزیکە کەمەیدانی جەنگێکی نەبڕاوەیە (I. Kant 2004, 75). میتافۆری مەیدانی جەنگ و هونەرنی شەڕکردن، لەبەکارهێنانی کانتدا ئەوەیە کە تێیدا بەراستی و رێسای ماف بەرگری لێبکرێت، نەک ماف/ رێسایەک دابمەزرێنێ (I. Kant 2004, 625). واتە لەپێناو ماف و رێسادایە شەرەکە نەک دامەزراندنی. جێی ئاماژەکردنە، لەسەرەتای 'ر.ژ.پ'دا کانت بەشێوەیکی پەتی[٢٣] و رووخسارەکی باسی ژیر دەکات.

بەڵام، سەرەڕای ئەوەش، ژیری پراکتیکی لەژیری تێوریی جیایە. ژیری تێوری، شێوازو بنەماکانی بەسەر بابەتی جیاوازی زانیندا جێبەجێدەکات و لەوە دەپرسێت کە ئایا دەتوانێ بڕیار بەسەر بابەتی جیاوازدا بدات؟ بەڵام ژیری پراکتیکی بابەتەکانی لەخۆیەوە هەڵدەهێنجێت. ئەمەش لەپێناو زانیندا نییە. بەڵکو، لەپێناوی کردنی بابەتەکەیە بەکردارو هەڵسوکەوت (د. ابراهیم ١٩٩٣، ١١٧-٨).

23 Abstract

## 2 – دادگاییکردنی ژیر بەئامانجگرتنیەتی لە رەخنەدا

کرۆکی دادگاییەکەی کانت یا پرۆژە رەخنەییەکردنەکەی کانت، رەخنەکردن ودادگاییکردنی ژیرییە. بەلام، رەخنکردنی ژیر لەژیر خۆی چییە؟ رەنگە (٣٠) سەدە تێپەڕێت، بێئەوەی کەسێک لە فەیلەسوفەکان ژیر بخاتەنێو سەنگی مەحەکەوەو پێویستە توانای ژیری سەبارەت بەزانین پێشئەوەی بۆ بەدەستهێنانی راستیەک لەراستیەکان بەکاربهێنرێت، دەبێت تاقیبکرێتەوە (د. ابراهیم ط الاولی ١٩٦٣، ٢١). بەڕای 'دلۆز' یەکەم فەیلەسوف کە ئەرک و پێناسەی فەیلەسوفی لەبەرگریکاری رێبازو تێزیکەوە بۆ داوەر گۆڕی 'کانت'ە (Deleuze 1984, 14-5). ئیدی، کانت یەکەم کەس بوو بانگەشەی پشکنین و لێپێچینەوەی لەژیری کرد، پێشئەوەی بۆ سەلماندنی راستیە میتافیزیکەیان پشتی پێبەسترێت (د. ابراهیم ط الاولی ١٩٦٣، ٢١-٤).

بۆ یەکلایکردنەوەی ناکۆکی ریبازی ژیرەکی و ئەزموونی، یەکەمجار دەبێت ژیر بخرێتەژیر پرسیارەوەو دادگایی بکرێت، ئینجا ئەو مشتومڕە درێژەی پێبدرێت. کەواتە، سەرلەبەرو سەرلەنوێ پشکنینی سەرڕاستانە لەبارەی بڕیارەکانیەوە بکرێ. دادگاییکردنەکەش جگەلە تاقیکردنەوەیەکی رەخنەیی ژیری تێوری هیچیتر نییە. چونکە، رەخنەکردنی ژیر فێریکردین کە لە بەکارهێنانی پەتی و رامانەکی[24] دا راستە هیچ شتێک ناتوانین بزانین (I. Kant 2004, 621).

## 3 – دادگاییکردنی ژیر چی دەگەیەنێ؟

کانت پێیوایە دادگاییکردن، جگەلە تاقیکردنەوەیەکی رەخنەیيانەی تواناو هێزی ژیری پوخت، هیچترنییە. چونکە، دەبێت ژیری تێوری بخرێتە ژێرپرسیارەوە. بۆیە، لە'کانت'ەوە وەرچەرخانێک بەسەر فەلسەفەدا دێت. چونکە، توێژینەوەی فەلسەفیی چیتر خۆی تەنها لەبابەتی 'بوون'دا قەتیسناکات، بەڵکو زانینی تێوری مرۆڤ و چۆنیەتی گەیشتن بەزانینی دروست، دەبێتە کرۆکی باسوخواسی فەلسەفە. بەمەش کانت سەرلەبەری فەلسەفەی پێشخۆی خستە ژێرپرسیارو گومانەوە کە بە شۆڕشی کانتیانە دادەنرێ.

کەواتە، دادگاییکردنی ژیر، راگرتنیەتی لە تەڵەزگەو کەموکورتی چالاکیەکانیدا. هاوکات، پیشاندان و بەکێشەکردنی ئەو لایەنە سەمەرەیەتی کە خۆی لەلایەک پرسیاری میتافیزیکی لەدەرەوەی کات و شوێندا دەوروژێنیت و ناشتوانت وەڵامیان بداتەوە. ئەمە تەنگەژەیەکە کە ژیری مرۆڤ بەدرێژای مێژووی تێیکەوتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ژیر رۆڵی ئەرێنی لەئاراستەکردنی بیردا هەیە. لێرەوە، رۆڵی ژیر لەپشکنینی خۆیدا بەرەخنەکردن دادگاییکردنە دەستپێدەکات. بەڵام، رەخنەگر و رەخنەلێگیراوەکە هەر ژیر خۆیەتی. وەکچۆن داوەرو بەرگریکارەکەیە، تۆمەتبارەکەش هەر خۆیەتی.

هەروەها، تێگەیشتنی کانت لە ژیر، تێگەشتنە لەچەمکی 'تراسنێندتاڵی' فەلسەفەی رەخنەیی. ئەرکی ژیری یەکخستن و یەکێتی لەنێوان بابەتەکان و خۆ، هەست و ژیر، گومان و دڵنیایی و پەیوەندیەکاندایە. جگەلەوەش، ژیری توانای پێدان و دەستەبەری رێساو بنەمای گشتیی زانینە.

---

24 speculative

**4 – توێژینەوە لەژێر بابەتی یەکەم زانینە**

ئاراستەگۆڕینی بایەخدانی فەلسەفە بەپرسی بوون و چیەتی و سروشتی زانینەوە، بەرەو وەک بابەتی سەرەکی زانین، لەکێشەیەکەوە سەریهەڵداوە: پێشئەوەی وەڵامبدرێتەوە دەکرێت چی بزانین، یا زانین چییە، پێویستە باس لەرۆڵ و چییەتی ژێری مرۆڤ خۆی بکرێت. چونکە، لای کانت ناسین و زانینی ژێر بەناسینی مرۆڤەوە بەندە.

بۆیە، لەپێشووتەی'چاپی دووەم'ی 'ر.ژ.پ'دا، راشکاوانە بەپرسیارێ دەسپتێدەکات: تاوتێکردنی زانین، ئەرکی ژێرییە یان چالاکی ژێریە؟ ئایا میتۆدیکی زانستی دەگرێتبەر یان نا؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەدەرئەنجامی کتێبەکەدا دەردەکەویت (I. Kant 2004, 71). بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، پێوستدەکات جاریکتر بەرەودوابگەڕێینەوەو رێگەیەکیتر بگرینەبەر. رێگەیەک کە دڵنیایی ببەخشێ و زانستی بێت. مەرجی دۆزینەوە رێگەیەکی وەهاش وازهێنانە لەرێگەباوەکانیتر. دەبێت سەرلەنوێ سەرچاوەکانی زانینی میتافیزیکی بەرەخنە دەستپێبکەین و تێهەڵچینەوە بپشکنرێ (I. Kant 2004, 71). واتە، لە میتافیزیکدا[٢٥] دەبێت ژێر سەرەتا سنورەکانی خۆی دەسستنیشانکات و جیابکاتەوە. هەروەها، ئەزموون و تێوری پەتی وەکئەوەی میتافیزیستەکان 'ئایدیالیزم و ئەزموونگەری یا گومانگەری' کردویانە تێکەڵ بەیەک نەکات.

بۆیە، کانت لۆجیک وەک پارادیمێکی پەتی دادەنێت کە سەرکەوتوو بووە لەم جیاکارییەدا (I. Kant 2004, 71). رێگەی لۆجیک بۆ دۆزینەوەو چارەسەرکردنی کێشەی ژێری پەتی و زانین دڵنیایی زیاتردەدات. لەبەرئەوەی، رێڕەویی دڵنیایی خۆی وەرگرتووە. بۆیە، دەبێت لەمیتافیزیکدا ژێر چاو لەو سەرکەوتنی لۆجیک بکات بەهۆی ئەوەی:

- بەرووی دەرەوەدا داخراوە. بۆیە، تەنها سەرۆکاری لەگەڵ خۆیدا هەیە.
- سەررێژو تەواکۆیە(کامڵە)و ێویستی بەهیچیتر نییە.
- لۆجیک بابەتێکە کە سنوری دابڕێنەرو جیاکەرەوەی خۆی دەسنیشانیکردووە.

کەواتە، لۆجیک ئەرکەکانی دەستنیشانکردووەو لە بابەتی دەرەکی و هەستەکی، خۆی دابڕاندووەو بەرەو ئەبستراکشن/ پەتی تەواو رۆیشتووە (I. Kant 2004, 71). بەهەمان شێوە، دەبێت ژێر سنوورەکانی خۆی بکێشێت و جیابکاتەوە. هەر بەم واتایەش کانت چەمکی 'رەخنە' بەکاردەهێنێت: کە جیاکردنەوەو دابڕاندنی کایەکان و تێکەڵنەکردنی سنوورەکانی زانین و ژێرە بەیەکترو بڕیاردانە لەراستی بابەتەکان کە مرۆڤ لۆجیکێک بۆخۆی دادەنێت (I. Kant 2004, 71-3). ئەو ئەرکە رەخنەییەش دەکەوێتە ئەستۆی ژێری پەتی کە دەبێت پێشیانەیی بەجێیبهێنێت.

هۆکاری ئەوەی کە لۆجیک پارادایمێک بۆ ژێر/میتافیزیک، چونکە تێیدا ژێر تەنها لەگەڵ خۆیدا سەرۆکاری هەیەو بەخۆیەوە نەک بابەتێکی دەرەکی یان ئەزموون بەسەریدا بسەپێنێت خەریکە. واتە، ژێر لەخۆیەوە دەستپێدەکات و بابەتی بیرکردنەوەی دیاردەکات، نەک دەرەوە. کەواتە، ژێر خۆی سازکەری بابەت و بڕیاردەرەکەیە. سروشتیشی وایە خۆبەخۆ چالاکیەکی پەتی بەبێ گەڕانەوە بۆ رێنوێنی دەرەکی ئەنجامدەدات، هەر خۆشی چاودێری خۆی دەکات. هەروەها، شێوازی کارکردنی ژێر بەپلان و رێسایەکی ناچارەکی بەرێودەڕچێت. تەنها بەوجۆرە ژێر دەبزوێت کەخۆی بەدەستی خۆی نەخشەی کێشاوە نەک شتێکیتر لەدەرەوەی (I. Kant 2004, 74). کانت راشکاوە کە 'ژێر تەنها لەژێر سەروەری خۆیدایە. خۆی نەخشەساز(ئەندازیار)ەو هەرخۆشی جێبەجێکاریشە(وەستا) (I. Kant 2004, 71).

---

٢٥ لێرەدا لەمیانەی رەخنەکردنی ژێردا، هەندێکجار وشەی میتافیزیک دێتەبەرباس. چونکە، بابەتی سەرەکی میتافیزیک لای کانت شرۆڤەو رەخنەکردنی ژێرو تواناکانیەتی، نەک وەکئەوەی باوە 'بوون'.

### 5- تەنگەژەی ژیر: ناکۆکی و ناسازیەتی لەگەڵ خۆیدا

سەرەتای تەنگەژەی ژیر لەوەدایە کە توانای پرسیاری لەبابەتی سەرووهەست هەیەو وەڵامیشی پێنادرێتەوە: " ژیری مرۆڤ چارەنوسێکی تایبەتی هەیە لەجۆری زانینەکاندا بەپرسیارگەلێک سەخڵەت و هەراساندەبێت کە ناتوانێ دەستبەرداریشیان بێت. چونکە، لەژێر خۆیەوە سەریانهەڵداوەو لەکاتێکدا وەڵامی پێنادرێتەوە. لەبەرەئەوەی، دەکەونە سەروو توانای ژیری مرۆڤەوە (I. Kant 1998(2009), 99).

کەواتە، پارادۆکسی ژیر لەوەدایە کە پێمانوایە بیرۆکەو ئەندێشە میتافیزیکیەکان وەک راستیەکی کردەکی هەیە (کبلیای ٢٠١٥، ٢٠٤). پارادۆکسێک کە ژیر تێیدەکەوێت: هەمیشە لەئاسۆی کات و شوێنەوە، واتە لەبازنەی ئەو دوورەهەندە کردەیی و ئەزموونییەوە، بیرکردنەوەو ئەندێشەکانی بۆ بابەتی سەرووئەزموونی/سەرووئاسا(ترانسێدنت) سەردەکێشێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ژیر ناتوانێت خۆی لەو تەنگەژەیە دەربازکات. لەدەقێکیتردا کانت پرۆسەی بیرکردنەوە وەک دۆزینەوەی ئاراستەو گەیشتن پێی وێناکردووە. ئازادی بیرکردنەوە مافێکە کەس ناتوانێ زەوتیکات. بەڵام، ئازادی لەبیرکرنەوەدا خۆڕوخێنەرە ئەگەر سەربەخۆ لەرێساکانی ژیر بجولێتەوەو تێیانپەڕێنێ (I. Kant 1996). هۆکاری نەزانین ئەنجامی سنووورداری زانینە نەک هەڵەکردن (I. Kant 1996).

رۆڵی فەلسەفە پاراستنی ژیرە لەبەهەڵەداچوون لە پرسە میتافیزیکیە-ترانسێدتاڵەکانەدا (I. Kant 2004, 84). چونکە، ژیر دەرگیرو دەستەوسانی سنوورەکانی خۆیەتی و ناتوانێ پەی بە 'بوون' یان 'هەبوو'یەک لەخۆیاندا بکات. واتە، وەکخۆی لەخۆیدا چۆنە، ژیری بەهەمان شێوەو واتاو پێناسەی چییەتی بناسێت. مرۆڤ، دەتوانێت پێناسەی جیهان و واتاکانی تەنها وەکئەوەی لەلای خۆی و ئەو وێنەزەینیەی لەمێشکیدایە راڤەبکات و تێبگات. جیهان/ بوون چۆن دەردەکەوێت، مرۆڤیش وێنەی دەرکەوتەکە تێدەگات، نەک جیهان وەکئەوەی بەکردەیی لەخۆیدا هەیە.

### 6- نۆمینەو فینۆمینە وەک دیالیکتیکی ژیر[٢٦]

کانت بەدووواتا باسی دیالیکتیکی ژیر دەکات: - ئەوەی کە دەتوانم بیری لێبکەمەوە، بەڵام - ناتوانم بەدیاریکراوی بزانم چییە. ویستی زانین/بیرکردنەوە، یەکسانە بەتوانای ژیر. ژیری دەتوانیت بیر لەبابتگەلێک بکاتەوە، بێئەوەی بزانێت کەرەسەو ئامرازەکانی زانینی لەخۆیدا چییە. گومانکردن لەزانینی شتەکان لەخۆیاندا، سەندنەوەی متمانە نییە لەتوانای بیرکردنەوەی ژیر( 'لۆک یا هیوم' ژیری مرۆڤ نائومێد دەکەن). بۆنموونە، ئەگەر نەشزانین نۆمینە چییە، دەتوانین وەک بابەتێک بیری لێبکەینەوەو پرسیاری لەبارەوە بکەین ((I. Kant 1998(2009)، ٣٣٨).

ناکرێت لەو راستییەوە کە 'شت لەخۆیدا' نازانرێت، راستەوخۆ ئەنجامێک بکەوێتەوە: ژیر نابێت هەرگیز بیری لێبکاتەوە. ملکەچبوونی تەواو بەسروشتی نەزانراوی نۆمینە، ئازادی و سەربەستی ژیر فەرامۆشدەکات لەبیرکردنەوەدا. کەواتە، دیالێکتیکە کە لەوەدایە بیر لەبابەتێکی نەزانراو دەکرێتەوە کە خۆی بۆ تواناکانی زانینی ژیرەکی دەرناخات. ئەمەش لەکێشەی ئەنتینۆمیەکاندا دەردەکەوێت.

---

٢٦ یەکێک لەبۆچوونەباوەکان ئەوەیە کە چەمکی نۆمینەو فینۆمینە لە فەلسەفەی کانت دا وەک دابەشکردنی جیهان لێکدەدرێتەوە. لەکاتێکدا ئەفلاتون جیهانی هەست و ژیری جیاکردۆتەوە. بەڵام، کانت ئامانجی جیاکردنەوەی ئاستی زانین و بابەتی زانینە نەک دابەشکردنی جیهان/بوون.



JZSB p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

چونکە، هەرچی وەهمی ترانسێدنتاڵی ژیری پەتییە له ئەنجامگیریکردنی دیالیکتیکەوە کەوتۆتەوە. واتە لەو نەخشەوپلانانەی[27] کە بەگشتی هەن، لەڕیی لۆجیکەوە لە سێ جۆر سیلۆجیزم[28]:

1 – ئەنجامگیریەکی سۆفستیایانەیە کە سەرۆکاری لەتەک یەکێتی بێمەرجی مەرجەخۆیەکانی ویناکردن هەیە و پەیوەندی لەگەڵ سیلۆگیزمە کاتیگۆریکاڵەکاندایە.

2 – لێکچوونی سیلۆجیزمە گریمانەییەکانە کە یەکێتی بێمەرجی مەرجە بابەتییەکان لەدەرکەوتەکاندا دەکەن بەناوەڕۆکی خۆیان.

3 – یەکێتی بێمەرجی، مەرجە بابەتیەکانی بابەتێکی رێتێچوو بەگشتی (I. Kant 1998(2009), 459).

**7 – ئەنتینۆمیەکان[29] –ناسازیەکەکانی ژیری پەتی کێشەی ژیرە**

بەڕای کانت ئەنتینۆمی خۆی لەجێبەجێکردنی یاسایەک دەردەخات بۆ دانانی سنورداری ئێمە باشترین رێگەیە کەبۆتاقیکردنەوەو ساخکردنەوە دەستەواژەی یاسایێت (I. Kant 1998(2009), 469). دژەتێز: لەو زنجیرەدا هیچ هۆکارێ ناچارەکی نییە، بەڵکو رێکەوتەپێچەوانەو بەرامبەریەکانی(antithetic) ژیر، بەشێکە لەئەنتینۆمی. لێرەوە، ئەنتینۆمی – ناکۆکی و ناسازیەکانی ژیری مرۆڤ دەردەخات کە بۆ هەر بابەتێ ژیر بیری لێبکاتەوە، دەتوانێ بیر لەپێچەوانە/ دژەکەشی بکاتەوە. لەبەرامبەر هەر تێزەیەک، دژە تێزە هەیە. ئەو دووانەش لە راستی و ناراستییدا هاوتای یەکن. ناکریت بووترێت؛ تێزە لەدژەتێزە راسترو دروسستر(ئەگەر بووترێت خودا/ئازادی هەیە، راسترنییە لەدژەکەی) نییە. کەواتە، هەر بەڵگەیەک بۆ بابەتێک بهێنینەوە، دەکرێت بەڵگەی پێچەوانەشی بۆ بهێنینەوە. لەم سۆنگەوە، کانت پێیوایە پرسی سەلماندنن بەڵگەکانی بوونی خودا بە'هەیە' لە 'نییە' راسترنییە .

ناکۆکی، بۆ هەموو پرسێک-تێزێک-دژەتێزەیەک هەیە کە چەندێتی، جۆرێتی و خستنەسەر، ئاراستە دەگرێتەوە. تەنگەژەی ژیری مرۆڤ خۆیەتی کە لەبەرامبەر هەرتێزەیەکدا، بیر لەدژەکەی دەکاتەوە. کانت باشدەزانی کە ئەم دەستەواژانە جگەلە گەمەیەکی دیالیکتی ژیرییە. بەڵام دەشیزانی کە کێشەکانی میتافیزیک ئالەمەوە کەوتوونەتەوە (د. ابراهیم ط الاولی ١٩٦٣، ١٣٥). ئیدی، بۆیە گومانی لەژیری و دژیەکیەکانی کردووە تابەو ئەنجامە بگات کە ناکۆکی و نەگونجانی تێگەیشتن لەگەڵ ژیردا چارەسەربکات. نەک ئەوەی دژیەکیەکانی ژیری مرۆڤ وەکا چارەنوسێکی ناچارەکی مرۆڤ خۆی دابنرێت (د. ابراهیم ط الاولی ١٩٦٣، ١٣٧).

کەواتە، ئەنتینۆمیەکانی ژیری مرۆڤ یەکێکە، لەو راستیانەی کە کانت دەیەوێت بەهۆیانەوە بیسەلمێنێت:

- کە ژیری بۆخۆی خاوەنی کاتیگۆریەکان نییە، بەڵکو خۆیان لەژیریدا هەن.
- هەروەها، ژیری مرۆڤ راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ دیاردەکاندا نابەستێت،
- کاتیگۆریەکان پەتین و هیچ ناوەڕۆکێکی هەستەکیان نییە (کەمال ٢٠١٧، ١٧٤).

---

27 Schema

٢٨ دیتانە یان دەرئەنجامی لۆجیکی یان بەواتای پێوداگیش دێت.

٢٩ لەفەرهەنگی ئازادیدا بە ناکۆکی و نەگونجان دوویاسا دانراوە. بەلام، ناکۆکی بۆ کۆنفلیکت شیاوترە. ناسازیی، واتە نەسازانی دووریسا پیکەوە دەگەینەیت.

هەڵبەت، ئامانجی کانت لە تاوتوێکردنی ئەنتنۆمیەکان، دەستنیشانکردنی دیاردەیەکی سەیری ژیرە لەبەکارهێنانە ترانسێدنتە-سنوورتێپەر-ەکەیدا. واتە، بە ئاگاهێنانەوەی فەلسەفەیە لەخەوی بێئاگایی و هاندانیەتی بەرەو ئەرکێکی قورس کە رەخنەیە بڕوات (I. Kant 1999, 124). بۆیە، چەند جۆرێکن:

یەکەم ئەنتینۆمی ژیری پەتی، برتیە لە ناکۆکی بیرۆکەترانسێدنتالەکان.

تێزە: جیهان سەرەتای لە کات و شوێندا هەیەو هەروەها سنوربەندکراوە. دژەتێزەکەی، جیهان ناکۆتایەوە، نەبڕاوەیە. ژیر هەردووکیان دەسەلمینیت. مرۆڤ ناتوانێ بەئەزموون سەرەتاو قەبارەی جیهان لەشوین و کاتدا ئەزموون بکات. ئەستەمە، مرۆڤ جیهان وەک گشت و پیدراویکی هەمەکی بخاتە نێو ئەزموونکردی خۆیەوە (I. Kant 1999, 128).

دووەم: ئەوانەی سەربە سیستمیی بیرۆکە کۆسمۆلۆجیەکانن. چونکە تەنها لە تێگەیشتندا چەمکە پەتی و چەمکە ترانسێدتنتالەکان سەردەدەهێنن (I. Kant 1998(2009), 460).

<u>یەکەم:</u> بیمرۆکە کۆسمۆلۆجیەکان، ئەنتنۆمیەکە کەرەمەک بیریلێنەکراوەتەوە، بەڵکو لەبنەرەتی ژیری مرۆڤدایەو خۆی لێلانادرێ و کۆتایشی نییە(I. Kant 1999, 125) . ئەم ئەنتنۆمیە، چوار تیزەو دژەتێزە لەخۆدەگرێ:

1 – چەندێتی. تێزە: جیهان سەرەتا(سنوور)ی لەکات و شوێندا هەیە. دژەتێزە: جیهان لەکات و شوێندا ناکۆتایە

2 – سادە یان ئاوێتەیی جەوهەر باسدەکات. تێزە: هەرچیەک لەجیهاندا هەیە، لە سادەوساکار پێکهاتووە. دژەتێز: هیچ شتێک سادەوساکار نییە، بەڵکو لێکدراون.

3 – پەیوەندی یان مەرجدار یان دینامیکیە. تێزە[٣٠]: لەجیهاندا هۆکارەکان بەهۆی ئازادیەوە هەن. دژەتێز: ئازادی نییە، هەمووشتێک سروشتە.

4 – ناچارەکێتیە. تێزە: زنجیرەی هۆکارەکانی جیهان هەبوویەکی ناچارەکی لەخۆدەگرێ.

لەبەرئەوەی، دووجۆر پرەنسپ کە دژیەکن، دەبنە هۆی ئەنتینۆمی ژیر، جیاکردنەوەی بنەما تراسندینت لە ئیمانینتەکان پێویستە. چونکە، بنەما ئیمانێنتەکان لەکاتی بەکارهێنانی تێگەیشتندا:

- هیچ سنوریک نییە بۆ پێکهاتن-کۆمپۆسیشن- و هەڵوەشاندنەوەی دەرکەوتەکان
- شتێک نییە ناوی بنەرەتی یەکەم یان دەستپێکی یەکەم.
- هەمووشتێک تیدا گۆڕاوو و گۆڕاوێکە[٣١]. واتە، لەروی کردەیەوە وابەستەیە[٣٢].

کەواتە، بنەما تراستندێنتەکان بەکارهێنانی پەتیانەی تێگەیشتن:

- بەشی یەکەم هەیەو بەتایبەت بنەرەتی پێکهێنان و یەکخستن و هەروەها سنورێک بۆ هەموو دەرکەوتەکان پێکەوە هەیە.
- رەمەکیەکی رەها کە ئازادی ترانسێندتالە

٣٠ سەبارەت بەتێزەی سێهەم، کانت لە 'ر.ژ.پ'دا ئەم ئەنتینۆمیە بەمجۆرە دەردەبڕێت: 'هۆیەکی بەپێی ڕێساسروشتیەکان بەتەنها هەموو دەرەکوتەکان جیهانی لێوەنابێت. بۆ روونکردنەوەی ئەمە، دەبێت هۆیەکی لەرێی ئازادیەوە پەسەندکرێ' (I. Kant 1998(2009), 484-5). ئامانجەکە ئەوەیە بیسەلمینێ بنەمای هۆیەکی دژ بەئازادی ناکەوێتەوە.

31 variable

32 Contingent

- شتێک هەیە کەناچاری لەخۆیدا واتە یەکێتی راستی باڵا لەنێو فرەیی ئەگەرەکان کە دەکرێ بەهۆی سنورەکانەوە دەستنشانکبرێت(Wood 2009, 57) .

**8 – هەڵەکانی[٣٣] ژیر**

پاش رەخنەکردنی ژیر، ژیر هەر پەنا دەباتەوە بەرخۆی. بەڵام، کانت دەزانێت هەندێکجار ئەو ژیریە دووچاری هەڵەدەبێت. ئەو هەڵەیەش بە 'پارالۆجیزم' ناودەبات. واتە، بابەتێک کە پێچەوانەی ژیری دروستبێت، لە ئەنجامدا هەڵەبکەوێتەوە. هەڵەکانی ژیری پەتی لە چوارشت دەستنیشانکردووە:

١- هەڵەی بیرۆکەی جەوهەر وەک دەستنیشانکردنێک بۆ وێناکراوێک. واتە، جەوهەر وەک وێناکردنی بابەتێک دانراوە.

٢- هەلەی سادەیی.

٣- هەڵەی کەسی: دەروون بەیەکبوونی فرەیی لەچەند کاتێکی جیادا ئاگایە. دواجار بەوەی وادانین دەروون کەسە.

٤- هەلەی نموونەیی[٣٤]: ئەوەی بەهۆی درکپێکراوەهەستەکیەکانەوە ئەنجامگیری دەکرێت (منصور ٢٠١٦، ٣٩٤-٦).

بەگشتی کێشەی ژیر ئەمەیە: چۆن بڕیارە لێکدراوە پێشیانەییەکان رێیانتێدەچێ؟ (I. Kant 2004, 107). بەڕای کانت، "گەنجینەی زانینی پێشیانەیی شتێکی شاراوەنییە لەئێمە. چونکە بابەتێکە کە نابێت لەدەرەوەی خۆمان بۆی بگەڕێین، بەڵکو دەبێت لەنێو ژیردا بیدۆزینەوە. بەم واتایە، ژیر گەنجینەی زانینە" (I. Kant 2004, 112). بەڕای ئەو، ئەو زانستە تایبەتە(هەوڵی بۆ بدرێت) ناوی رەخنەی ژیری پەتییە (I. Kant 2004, 110). چونکە، رەخنەکردنی ژیر، بەرەو بەزانستچوون دەمانبات (I. Kant 2004, 109). جگەلەوەش، رۆڵی رەخنە، فراوانکردنی دەزگای ژیر بۆ زانین کە کانت بە کانون- لیستەیەک[٣٥]- ناویدەبات (I. Kant 2004, 112). بۆیە، کانت چوار دژیەکی-ناسازی/ناکۆکی(ئەنتینۆمی) لەژیری مرۆڤدا دیاردەکات. تەڵەزگەی ژیری مرۆڤ خۆیەتی کە لەبەرامبەر هەرتێزەیەکدا، بیر لەدژەکەی دەکاتەوە.

33 parlogism

34 Ideal

٣٥ لەفەرهەنگی ئازادی دا بە لیستە وەرگێڕدراوە.

## تەوەری سێیەم: سروشت و رۆڵی ژیرو داکۆکیکردنی لەخۆی

### 1 – سروشتی ژیر

لەبەشی میتۆدناسیدا کانت تەوەرێکی بە 'نەخشەسازی ژیر' تایبەتکردووە. مەبەست لەو نەخشەسازییە، هونەری سیستەمەمەکانە. زانینی ئاسایی بەڕێی یەکێتیەکی سیستماتیکەوە دەبێتە زانست (Kant, 2004, p. 659). جیاوازی زانینین ئاسایی و زانست لەوەدایە کە زانست خاوەنی یەکێتیەکی سیستماتیکە. چونکە، لای کانت ژیر خاوەنی رکێفە. واتە، فەرمانرەوایەتی ژیر بریتیە لەوەی کە زانین بەهیچ شێوەیەک ناکرێ دانان و دامەزراندنی داستانێکی خۆش بێت جگەلە دانانی سیستمێک کە تەنها پشتگیری و پەرە بە ئامانجە جەوهەریەکان بدات (Kant, 1998(2009), p. 691). ئەرکی ژیر دانانی بنەڕەتی سیستە.

سروشت و رۆڵی ژیر 'لەبارەی دەرکەوتەوە، ریسای هۆیەکی هەیە' (I. Kant 1998(2009), 542). جگەلەوە، هیچ چالاکیەکی لەخۆوە دەستپێناکات. بەڵام، ژیر لەخۆیدا دەرکەوت نییەو ملکەچی هیچ مەرجێکی هەستەکان یان رووداوەکان نییە (I. Kant 1998(2009), 543). بەڵکو ژیر مەرجی بەردەوامی هەموو کردەسەرپشکەکانە-خۆبەخشەکان کە لەژێر سایەی ئەوە مرۆڤ، بوونی تێدادەرکەوێت (I. Kant 1998(2009), 543). کەواتە، ژیری پەتی توانایەکی هۆشمەندانەو ژیرانەیە کە ملکەچی فۆرمی کات نییەو هاوکاتیش ملکەچی مەرجە یەک بەدواهاتنی کاتی تێدانییە (I. Kant 1998(2009), 542). بۆیە، ژیر ناگۆڕێ. چونکە لەهەموو چالاکیەکی مرۆڤدایەو لەهەموو هەلومەرج و کاتێکدا هەروەک خۆیەتی. بەڵام خۆی لەخۆیدا ژیر لەنێو کاتدا نییەو ناچێتە دۆخێکی ترەوە ئەگەر پێشتر نەچووبێت. هەر لەدۆخێکی نوێشدا، ژیر دەستنیشانکەرە-چالاکە- نەک دەستنیشانکراوەکە (I. Kant 1998(2009), 545). لەگەڵ ئەوەشدا، ژیر هەمیشە رێگەی خۆی لەبەکارهێنانی ئیمپیری و بەکارهێنانی تایبەتی ترانسێدنتاڵدا دەدۆزیتەوە (I. Kant 1998(2009), 548).

بۆیە، دەبێت ژیری رێگولاتیف[٣٦] و سپێکۆلاتیف[٣٧] لەو بەکارهێنانەدا جیابکرێتەوە. ژیری سپێکۆلاتیف گرفتی لەوەدایە کە لە دەرهێنانی ژیر لە کایەی هەستکردن بەشتێکی راست لەدەرەوەیدا سەرکەوتوونەبووە. بەڵام ژیری کرداری[٣٨] دەتوانی لەرێی شتیکەوە کە هەستپکراونییە ئەوەبکات، ئەویش رێساکانی مۆراڵە کە لەژێریاندا بنچینەیان گرتووە (I. Kant 1998(2009), 537). لەکاتێکدا، ژیری ریگۆلاتیڤە، واتە رێساداڕشتن و رێکخەری زنجیرەیەک مەرجی دەرکەوتە پێدراوەکانە (I. Kant 1998(2009), 520).

### 2 – رۆڵی نەرێنی و ئەرێنی ژیر لە رەخنەکردندا

ژیری رەخنەگر لای کانت، بریتیەلە نەرێنیکردنەوە[٣٩]ی-نیگەتیف- ئایدیالیزم. بەدەربڕینێکیتر، جەخت لەوەدەکات کە زانەر خۆی دەبێت وەک دەستنیشانکەرو بڕیاردەر لەسەر بونیادو بریاردەری خودئاگایی بێت. وەکچۆن دەبێت

36 Regulative

37 Speculative

38 Practical

٣٩ وشـــەی نەرێینی بەرامبەر نەگێتیڤە. لێرەدا، نەرێنی یەکســـان نییە بەخراپەو ئەرێنی باشــە. بەڵکو، ئاراســـتەی بیرکردنەوەی ژیبریە کە دیالیکیتی نەرینی-نەگێڤیە، بەرەودوا دەەریتەوە. واتە بەرەو بنەمابنچینەکانی و بنەرەت و ســـەرەتاکانی زانین دەگەڕێتەوە. کەواتە، ژیری نەگێتیڤ، ژیریەکی گەڕاوەیە نەک بەرەوپێشەوەچوون.

لەوێناکردنی بابەتە دەرەکیەکاندا ڕۆڵی بکەری هەبێت (Wood 2009, 71) . لە بەشی 'چەمکەکانی ژیری پەتی' و هەروەها بەشی 'دیالیکتی کارکردنی ژیری'دا، کانت ئەوەی ڕوونکردۆتەوە؛ کەچۆن ژیری لەبارەی هەبووە میتافیزیکانی وەک 'خودا، جیهان وەک هەمەکی و دەروون' بیرۆکەیان بەرهەمدەهێنێت. بەڵام، ژیر هەربەمەوە ناوەستێت، هەوڵیشدەدات ڕاستیێتی ئەو چەمک و بیرۆکانە لەچوارچێوەی سنوورەکانی هەستەکاندا بسەلمێنێ (Wood 2009, 5).

ئەمەش گرفتیکی گەورەیەو ژیر دەخاتە هەڵەی میتۆدییەوە. چونکە، کاتێک چەمکەکانی ژیری پەتی و تێگەیشتن، بەسەر فۆرمە هەستپێکراوەکاندا جێبەجێدەکرێت، ئیتر بابەت، پرۆسەی زانین دەستنیشاندەکات و ژیریش ئاراستەدەکات. ئیتر، ژیر دەبێتە پاسیڤ و شوێنکەوتە! بەڵام، ئایا ڕۆڵی ڕەخنەیی ژیر هەر نەگێتیڤە یان پۆزەتیڤیشە؟ ئەگەر بڵێین تەنها نەگێتیڤە، وەکچۆن پۆلیسەکە ئەرکی هەر جێبەجێکردنی ڕێساو یاساکانە، ئەوا بەوجۆرەنییە. چونکە، ڕۆڵی پۆزەتیڤی ژیر لەوەدایە کە هەر خۆی دانەری ڕێساو یاساکانیشە لەهەمانکاتدا (I. Kant 2004, 73-75 ). کەواتە، ئەرک و ڕۆڵی ژیری مرۆڤ دوولانەیە، نەک یەکڕەهەندانە جوڵانەوە. هەم، ڕێگری و هاوکات دانەری ڕێساو بنەڕەتەکانی چۆنیەتی زانینیشە دەکات. ئیدی، کانت دژ بە بەکارهێنانی یەکڕەهەندانەی ژیرییە. کەواتە، ڕۆلی ژیر وەک پۆلیس ئەرکی پاراستن و جێبەجێکردنی ڕێساو دەستورە بەتەنها، بەڵام ئەم ڕۆلە هەر لەوەدا نییە، بەڵکو ئەرێنیە، واتە، ڕۆلیکی نەرینی ئەرێنییە[٤٠].

**3 – پەیوەندی دیالیکتیکی نێوان سروشت و ژیری**

ڕۆڵی پێشتری ژیر لەزانیندا، لەو دەسەڵات و توانایەی لەزانیندا هەیەتی کەوتۆتەوە. پەیوەندی ژیر بەسروشتەوە، پەیوەندییەکی کێشەئامێزبووە. ڕاستە، ژیر زۆرشت لەسروشت فێردەبێت. چونکە، لەسۆنگەی حەزی زانینەوە، هەمیشە ئاراستەی ژیر ڕووەو سروشتە. بەڵام، ژیر نابێتە قوتابی ژێردەستی سروشت. یان بیکاتە مامۆستای خۆی و هەرچییەکی ووت بێ بیرلێکردنەوەو هەڵسەنگاندن، بیڵێتەوە. ڕۆڵی ژیر داوەریکردن و ڕەخنەکردنیشە (I. Kant 2004, 74).

ئیدی، ژیر کۆپی ئەوەی لەسروشتدا ڕوودەدات ناکاتەوە. بەڵکو، سروشت ناچاردەکات وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە. ژیر بەتەنها لەژێر سەروەری خۆیدایە. پەیوەندی سروشت و ژیر لەوەدایە، کەژیر ئەوبخاتە ژێرپرسیارەوە، ئەمەش هەرخۆی لەسروشت فێردەبێت. بەڵام، ئەوەشی لێفێردەبێت، کە دەبێت یەکەمجار بەهەڵسەنگانن و بڕیاردانداا ڕەتبێت. بۆیە، 'میتافیزیک زانینێکی ژیرەکیە... لەرێگەی چەمکگەلێکی تایبەتەوە کە ژیر خۆی دەبێتە قوتابی خۆی'. ژیر هەم مامۆستاو قوتابییە لەیەککاتدا (I. Kant 2004, 59-67). کەواتە، فیزیک وەک زانست قەرزاری ژیرە نەک سروشت. هۆکاری پەرەسەندنیشی بۆئەوەی ژیر خۆی دەیخاتە سروشتەوە دەگەڕێتەوە. لەوێدا بەدوای شتێکدا دەگەڕێت. ئەگەر زانست کە میتۆدی خۆی جیاکردەوەو دیاریکرد، بەرەو دڵنیایی هەنگاویکرد (I. Kant 2004, 75).

**4 – داکۆکیکردنی ژیر لەخۆی**

کانت لەپێناو داکۆکیکردنە لەژیر نەک نکولیکردن یا ڕەتکردنەوەو دژایەتیکردنی ژیر خۆی. بۆیە، بەڕای ئەو چارەنوسێکی نەخوازراو ژیری مرۆڤی دووچاری دژبەکیکردووە، لەلایەکەوە ناچارە پرسیاری میتافیزیکی بکات، لەلایەکیترەوە وەڵامی پێنادرێتەوە. تەنگەتاوبوونی ژیر و خۆهەراسانکردن بەپرسیارە بێوەڵامە میتافیزیکیەکان،

٤٠ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە کە ئێستا لەزانکۆکاندا پرۆگرامە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم تێگەیشتنەی کانت لەرۆڵی ژیر. واتە، ژیر تەنها وەک پۆلیسێک ڕێگرو هەڵەگرنییە لەبیرکردنەوەدا، بەڵکو دانانی بنەمای دروست بۆ بیرکردنەوە دادەڕێژێت. کەواتە، ژیری ڕەخنەیی هەر ڕوخاندن نییە بەڵکو بنیاتنەرانەشە.

چارەنوس ژێری مرۆڤە (I. Kant 2004, 59). سەرەڕای ئەم بارەقورسە، ئەستەمە ژیر بتوانێ خۆی لەو پرسیارانە بەدووربگرێ. بۆیە، نەبوونی وەڵامی تەواو، بەواتای وازهێنان نییە لێیان. کەواتە، دادگاییکردنی ژیر، لەبەرئەوە نییە کە وەڵامی پێ نییە، بەڵکو وەڵامدانەوەکانی نادروستن. ئەم، بۆچوونەش داکۆکیکردنە لەژیر، نەک سەرکۆنەکردن یان هەر ستایشکردنی. دەستکورتی ژیر لەوەڵامی دروستی پرسیارە میتافیزیکیەکان، لای کانت بۆخۆی مایەی سەرزەنشتکردن نییە. چونکە، سروشتی ژیر وایە: بازدەداتەسەر بابەتە سەرووئاساکان-ترانسدینتەکان-و هاوکات ناشگاتە خاڵی کۆتا.

ئاشکرایە، پرسیارە میتافزیکەیان واز لەژیر ناهێنن. هەمیشە و بەردەوام ژیر، گیرۆدەی ئەو پرسیارە بێوەڵامە میتافیزیکیانەیە. بەمەش ژیر دەکەوێتە ژێرباری پەیوەستبوونێکەوە (بەپرسیارەمیتافیزیکیە بێوەڵامەکان): لەلایەک پەنادەباتەبەر بنەماسەرەکییەکانی تێگەیشتن بۆئەوە سنوری ئەزموون تێپەڕێنێت. لەلایەکیتریشەوە ئەو ئەنجامانەی تا ئێستا بەدەستیهێناوە، بەرەنج و بەرهەمی نامۆ لەگەڵ ژیری ساخ و دروستدا ناتەبایە. کەواتە، دادگاییکردنی ژیر رزگاردکردنییەتی لەوەی  کە لەمێژووی میتافیزیکدا لەسەری نیشتووە. هەروەها، ئەو ناکۆکیانەی ژیر تێیدەکەوێت، ئەنجامێکی نەخوازراوی بەکارهێنانی ژیری و هەڵەی میتۆدیکە لەپرۆسەی زانیندا. لێرەوە، میتافیزک ئەو بوارە-مەیدان-ەیە کە ناکۆکیەکان، تێیاندا کۆتاییان پێنایەت (I. Kant 2004, 59).

هەرئەمەش تەنگەژەو و روورەشی بۆ میتافیزک سازکردووە. ئەرکی کانت، دووبارە وەگەڕخستنەوەی ژیرییە بەشێوەیەکی دروست. هەروەها، بانگهێشتکردنیەتی بۆ ئەنجامدانی پایەدارترین ئەرک: خۆناسین، دامەزراندنی دادگایەکی ژیرەکی بۆخۆی. دادگاییکردن جگەلە تاقیکردنەوەیەکی رەخنەیی تواناو هێزی بیرکردنەوەی ژیری بێگەرد، هیچتر نییە. ئیدی، دەبێت ژیری تێوری/پەتی بخرێتە ژێر پرسیارەوە.

**ئەنجام**

رەنگە پێش کانت هیچ فەیلەسوفێکی هێندەی ئەو شرۆڤەی تواناکانی ژیری مرۆڤ نەکردبێت و نەیخستبێتەبەر نەشتەری رەخنەوە. بۆیە، تایبەتمەندیەکی شاکاری 'ر.ژ.پ' بریتییە لەو رەخنەکردنی ژیر. ئەو جۆرە رەخنەیەش کانت بە ئەناتۆمی/ توێکاریی ژیر ناویدەبات. جگەلەوە، مێژوو و سروشتی ژیرو ناکۆکیەکانی دەستنیشاندەکات. ئەگەر بووترێت، ئامانجی سەرەکی و لەپێشینەی کانت، شرۆڤەو تەتەڵەکردنی ژیرە لە کتێبی'ر.ژ.پ'دا، زێدەڕەوی نەکراوە.

بۆیە، لە کانتەوە، وەرچەرخانێک بەسەر فەلسەفەدادێت: چیتر توێژینەوەی فەلسەفی تەنها خۆی لەتوێژینەوە لەبابەتی 'بوون'دا قەتیسناکات، بەڵکو زانینی تیۆری مرۆڤ و چۆنیەتی گەیشتن بەزانینی دروست، دەبێتە سەرتۆپی باسی فەلسەفیی. زێدەڕەویش نییە ئەگەر بووترێت، کانت سەرلەبەری فەلسەفەی پێشخۆی خستە ژێرپرسیارو گومانەوە. لەبەرئەوە، ناوهێنانی پرۆژەکەی بە'شۆڕشی کانتیانە'، زێدەڕەوی تێدانییە. لەرەخنەکردنی ژیریدا، کانت دواجار سایتیزەیەک لەنێو جوڵە/ چالاکی ژیری خۆیدا دەکات: جارێک ژیر وەک تێزەو جاریکیش وەک دژەتێزەیە. ئامانجەکەش، ئەوەیە کە ژیری لەوەهمی تێپەڕاندنی سنوورەکانی بێداربکاتەوە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

سەرچاوەكان

**References**

Baldwin, Tom. 2004. *George Edward Moore.* Mar 26. https://plato.stanford.edu/entries/moore/.
Deleuze, Gilles. 1984. *Kant's Critical Philosophy.* London: THE ATHELONE PRESS.
Kant, I. 1996. *(I. Kant ،What Does It Mean to Orient oneself in Thinking?*
—. 2004. *Kritiek Van De Zuivere Rede, Jabik Veenbaas& Willem Visser.* Amsterdam: Boom.
—. 1999. *Prolegomena. trs. Jabbik Veenbass& Willem Visser.* Amsterdam: Boom.
Kant, Immanuel. 1998(2009). *Crtique of Pure Reason.* Cambridge University Press.
—. 1998(2009). *Crtique of Pure Reason.* Cambridge University Press.
Karadaghi, Rashid. 2012 3e. *The Azady English-Kurdish Dictionary.* Nashir Ihsan.
Santinello, Gregorio Piaia • Giovanni. 2015. *Models of the History of Philosophy Vol. III: The Second Enlightenment and the Kantian Age.* Dordrecht: Springer.
Wood, Paul Guyer & Allen W. 2009. "Introduction to the Critique of Pure Reason." In *Critique of Pure Reason*, by I. Kant, 1-77. Cambridge University Press.

د. ابراهيم مصطفى ابراهيم. ١٩٩٣. *مفهوم العقل في الفكر الفلسفي*. بيروت: دار النهضة العربية.

د. أشرف منصور. ٢٠١٦. *نظرية المعرفة بين كانط و هوسرل: دراسة في الأصول الكانطية للفينومينولوجيا*. رؤية.

د. زكريا ابراهيم. ط الاولى ١٩٦٣. *كانط او الفلسفة النقدية: عبقريات فلسفية*. مكتبة مصر.

د. فيصل عباس. ٢٠٠٠. *موسوعة الفلسفة*. دار.

كەمال, د. محەمەد .٢٠١٧. *فەلسەفەی كانت* .سلێمانی: دەزگای سەردەم.

لوک فيري& كلود كبلياي. ٢٠١٥. *أجمل قصة في تاريخ الفلسفة*. ط الأولى. دار التنوير.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034